فەلسەفە و ژۆرنالیزم لە هەڤپەیڤین لە گەڵ ناسر فەکوهی

وەرگێڕانی بۆ کوردی: هاشم عەلی وەیسی

سازدانی: مونیرە پەنج تەنی

لەم گفتوگۆیە دەمانەوێت پێوەندی نێوان فەلسەفە و ژۆرنالیزم شی بکەینەوە و هاوکات هەڵویستەیەک لە سەر وتەزای رەخنە بکەین و هەڵبەت گۆڤاری زانیاری حیکمەت و مەعریفەش وەکوو نموونەیەکی بینراو بەر رەخنە و شیکاری بدەین. هەر بۆیە باشتر وایە لە پێناسەی ژۆرنالیزمەوە دەست پێ بکەین. ئێوە ژۆرنالیزم چۆن پێناسە دەکەن؟

چەمکی "ژۆرنالیزم" لە زمانی فەرەنسیەوە وەرگیراوە و بنچینەشی لە زاراوەی diurna بە مانای رۆژانە دێت. لە لایەنی رەچەڵەکناسی، ئەم چەمکە لە شێوازێکی بڵاوکردنەوەی زانیاری فەرمی و دەوڵەتی و گرنگ لە کۆمەڵگەوە سەرچاوە وەر دەگرێت کە لە چاخی دووهەمی زایینی لە دەوڵەتی رووم دا هەبووە و تێیدا لە سەر ئەو جۆرە رۆژنامە دەستنووسانەی کە بە روداگەلی رۆژانە یان روداوگەلی رۆژانەیی گشتی ( acta diurna / acta publica) پێناسەیان دەکردن کە زانیارییە گشتییەکانیان بە پێی سازوکارگەلی یاسا و رێسایەکی کەلتووری – کۆمەڵایەتی بۆ چالاکانی ئەو کەلتوورە بڵاو دەکردەوە تا بەم شێوازە ئەوان لە قاڵبگەلی مادی و نامادی لەو کەلتوورە و لەم رێگەوە خودی ئەو کەلتوورە بەرهەم بهێنێتەوە. هەڵبەت ئەم پێناسەیە وەکوو هەر پێناسەیەکی دیکە ناتەواوە و دەبێ ئەو شرۆڤە و باسانەی کە دەکرێت بە هەوڵ و کۆشش لە بوارگەلی جیاواز بکرێتەوە و تێر و تەسەل و تەواوتر بکرێت. لە بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە گرنگترین مژار لە ژۆرنالیزم دا ناسین و لەوانەیە هەوڵ و کۆشان بۆ گۆڕان و چاکسازی سازوکارەکانی بەرهەمهێنان، کەڵەکە کردن و بڵاوکردنەوەی کۆمەڵایەتی لەم چالاکییە دایە. بەم پێیە ئێمە کاتێک دەتوانین ژۆرنالیزم بە خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بزانین کە بە ئاستێکی دیاریکراو لە "گشتی بوونەوە" بە مانایەک دەسەڵاتەکەی بە لێهاتوویی و توناییگەلێکی وەکوو خوێندەواری و ئازادی دەربڕین و ئامادە بوونی بەستێنەکانی سەرهەڵدانی ناسکار(سوژە)ی مۆدێڕن گەیشتبێت. لەم سۆنگەیەوە شتێکی سەرسووڕهینەر نییە کە پەرەسەندنی ژۆرنالیزم لەو پێناسەیەی کە ئێمە ئەوڕۆکە دەیناسین، لە گەڵ چەند رووداوی گەورە لە مێژووی مرۆڤایەتی تێکەڵ بووە و گرێی خواردوە: پەرەسەندن و فراوان بوونی کاغەز لە دوای رێنسانس، شۆڕشی بەریتانیا لە شۆڕشی پیشەسازی لە چاخی هژدەهەم و بە تایبەت شۆڕشی فەرانسە لە 1789 کە بە گشتی روخسار و سیمای جیهانی گۆڕی و "روداوەکان" و تەنانەت "مێژو"ی بۆ "بابەتێکی گشتی" (Res Publica) گۆڕی کە لە رووی کۆمەڵناسییەوە لە گەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی دۆرکیمی نزیکیایەتی هەیە.

ئەم بابەتە لە چاخی نۆزدەیەم لە گەڵ هەوڵدان بۆ بەستێنسازی باوەڕمەندی بە چەمکی "نەتەوە" و یەکدەست سازی بیرکردنەوەکان لەم بوارەدا، "سازینی" رابردو و داهاتوو وەکوو واقیعگەلێکی تاکگێڕانەوەیی لە مەودای نێوان رۆمانتیزمی رۆژئاوایی و سەرئەنجام بە سەرهەڵدانی وێنەگری و سینەما، رادیۆ و تلڤزیۆن و ئینتەرنێت، بە شوێن لۆژیکێکی یەکسان کەوتن کە لەوانەیە بودریار باشتر لە هەر کەسێکی تر لە چەمکی "نواندنەوە" و دانانی لە جێگەی راستێتی واقیعی، تیۆرییەکی بۆ داڕژاندووە. لە رستەیەک دا بە و شێوەیە کە بارت بە پێداگری لە سەر

دیاردەی زمان باسی دەکات، گرفتەکە لە سەر ئەوە بووە کە واقیعەکان بەو شێواز و لەونەی کە جیهانی مۆدێڕن پێویستیان پێیان بووە، سەر لە نوێ بەرهەم بێنەوە و بچەسپێن و "بەڵگەمەند" بکرێنەوە و لەم بوارەدا چەمکی بە "نووسراوە" بوون، "بەڵگەمەند" بوون، "چەسپاندن" و چەمککگەلێکی وەک ئەوە کە بنچینەکانیان بۆ بیرکردنەوەی فەرهەنگۆکی(قاموسنامەیی) دەگەڕێتەوە و تا ئەورۆکە ماونەتەوە هێشتاش زۆربەی چالاکانی کۆمەڵایەتی بە شوێن دۆزینەوەی رێچارەگەلی ساکار و پێناسە کراو و نووسراو و بەڵگەمەند لە پرۆسەگەلێکی زۆر ئاڵۆز و دەست نەکەوتوو کە لە چالاکییەکان و چالاکییەکانی نێوان مرۆڤەکان و مرۆڤەکان لە گەڵ ژینگەی دەور و بەریان بوونی هەیە. ئاشکرایە کە مرۆڤناسان، کۆمەڵناسان و فەیلەسووفانێکی دیاری وەکوو ئلیاس، وبر، فۆکۆ، دریدا ، هابرماس، باومن، بۆردیو، مۆرن و ... زیاتر لە سەدەیەکە هەوڵ دەدەن پیشانی بدەن کە ئەم پێکهاتانەی دابەزاندنی هزر و بیرکردنەوە، لە ئەنجام دا مرۆڤ بۆ ناو بنبەستگەلێک لە بیرکردنەوە دەکێشێت کە دەرباز بوون لێی زۆر سەختتر و ئەستەمتر لە هاتنە ژورەوەی دەبێت. بەڵام لۆژیکی دەستپێوەگرتن لە چالاکی و کاردا ئەم دەرفەتەی نەکردۆتەوە کە ئێمە لە جۆرێک بیرکردنەوەی ژۆرنالیستی بەو مانایەی کە بۆردیۆ لە کتێبی "لە بارەی تلڤزیۆن و دەسەڵاتی ژۆرنالیزم" شی کردۆتەوە و ناوی "تێهزرینی خێرا" و "رۆشنبیری خێرا" (بە مانای "فەست فوود" واتا چێشتی ئامادەی مەک دونالدی) رزگار بین. بیرکردنەوەی قووڵ و جۆرێک "هێواشی" و "تێڕامان" لە تێهزرین بەرە و نەمان و لە ناوچوون دەڕوات و ئەمەش پرۆسەی فەنسالارانە خێرایی پێی بەخشیوە. ئێستاش من لەم شێکارییەی خۆم مەبەستم ئەوە نییە کە ئێمە چارەیەکمان بۆ دەرباز بوون لەم بارودۆخە هەیە لە بەر ئەوەی شێوازەکانی ژیان لە سەد ساڵی پێشوو بە شێوازێکی تەواو لە سەر ئەم بنچینەیە بنیات نراوە و رێک خراوە، گرفتەکە ئەوەیە کە چۆن دەکرێت ئەم بارودۆخە بە مەبەستی چارەسەری رێژەیی درک و پاشان بەڕێوەبەری بکرێت.

ژۆرنالیزم کێیە و ئەرکەکانی چین؟

لەم بابەتەوە لە پێناسەیەکی زۆر دواکەوتووانە یانی ئەوەی کە ژۆرنالیزم چالاکێکە کە زانیارییە گرنگەکان لە دوای ئامادەسازیی فەنسالارانە بخاتە بەردەستی هۆگارانی ئەو زانیارییانەوە، ئەکرێت زۆرتر بەرە و پیری ئەم پرسیارەوە بڕۆین کە ئەرکە ئاکارییەکانی ژۆرنالیزم چییە و چۆن دەکرێ بەرگری لە ژۆرنالیزم بکرێت. لەم بارەوە ئێمە بەڵگەیەکمان هەیە کە زۆر بایەخدارە و ئەوەش "بڕیارنامەی ئەرکە پسپۆڕانەکانی رۆژنامەنووسانی فەرانسە" لە نموونەکانی 1918، 1938 و بە تایبەت 2011 یە کە تێیدا، بە شێوازگەلێکی ورد دەست نیشان کراوە کە کام شیوازانە دەبێ لە بواری رەوشت و ئاکاری رۆژنامەنووسان لە بەرچاوی بگرن (بۆ نموونە بەدواداچوون و روون بوونی سەرچاوەی هەواڵ، پاراستنی نهێنییەکانی، دووری گرتن لە گەندەڵی بۆ بڵاوکردنەوە یان نەکردنەوەی هەواڵێک، هاودەستی لە گەڵ دەسەڵات لە چالاکی رۆژنامەنووسان و...) هەڵبەت لە چاخی بیستەم بە سەرهەڵدانی شێوازگەلی تازەی ژۆرنالیزم، وەکوو نموونە گۆڤارگەلی زانستی – پەرەسەندنی و گۆڤارگەلی زانستی – لێکۆڵینەوەیی هەر کام لەوانەش خۆیان هەڵگری پێناسەیەک و چوارچێوەگەلی ئاکاری و پسپۆڕانەی دیاریان پێناسە کردەوە کە دەبێ پێیان پابەند بن.
لە نێوەی چاخی بیستەم ئێمە لەگەڵ گەشەی جۆرێک لە ژۆرنالیزم روبەڕوو دەبینەوە کە بنچینەی بۆ چاخی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە و بە گشتی وەکوو "رۆژنامە و گۆڤارگەلی زەرد" ناویان لێ دەبرێت: ئەو رۆژنامە جەنجاڵییانەی کە ئەورۆکە بۆ بلاڤۆک و چاپەمەنیگەلی ئلێکترۆنی گۆڕدراون و ئامانجی ئەوان دروست کردنی سۆزگەرێتی و گڕوتین و وروژاندنی درۆینکە بۆ فرۆشتنی شمەک و کەل و پەلەکانی خۆیانە: ئەو کاڵایانەی کە

ناوی "هەواڵ" و "زانیارییان " لە سەر ناون بەڵام لە ڕاستی دا تەنیا قسە و باوەڕگەلێکی دواکەوتووانە و بێ بەها و بایەخن. لەوانە دەرخستن و ناساندنی هونەری و وێنەگەلی وروژێنەر و تا دەگات بە دروست کردن و ناساندنی دەموچاوگەلی ڕۆشنبیرانە و دەرخستنی تیۆریگەلی جەنجاڵی و پڕ هات و هاوار بەشێکێ بەرین و بەربڵاو لەم شمەک و کاڵا بێ بایەخانە دەسازن و بەرهەم دێنن کە بایەخی ئەوان بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان و بە پێی ڕوویکردێک کە لە ڕێبازی بیرمنگام دەستی پێکرد (خوێندنەوە کەلتوورەییەکان) پیشان دانی باروودۆخگەلی کۆمەڵایەتی جیاواز لە ئاڵۆزترین شێوازی و لە ئەنجام دا کەڵک وەرگرتن لەوانە وەکوو شمەکی خاوی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان.

بە ڕەچاو کردنی ئەوەی کە لە سەردەمی ئێمە مانای فەلسەفە زۆر گۆڕانی بەسەر دا هاتووە بەڵام ئێستاش دەتوانین فەلسەفە بە خۆشویستنی فێربوون و دووری لە چەقبەستووی و وەستانی بیرکردنەوە پێناسە بکەین. بەڵام فەلسەفە لە زەینی زۆربەی خەڵک مانایەکی تا ڕادەیەک وەستاوی هەیە و وەرگرتووە و لە گەڵ زاراوەگەلی قورس و ئاڵۆز گرێی خواردۆتەوە، بە چاوپۆشی کردن لە کەم و کوڕییەکانی پێناسە هەڵە جێکەوتووەکان لە فەلسەفە و ژۆرنالیزم، بە ڕای ئێوە چ پێوەندییەک لە نێوام ئەم دوانە بە دی دەکرێت و ئایا لە بنەڕەتەوە ئەمانە پێکەوە کۆ دەکرێنەوە؟

فەلسەفە هەر بەو چەشنەی کە لە ناو و بنچینەکەی دەردەکەوێت واتا لە phiosophia بە جۆرێک واتا عەشق و خۆشەویستی بە زانین و بیرکردنەوە کە لە مانا مرۆڤناسانەکەی بەشێکی دانەبڕاو لە بیرۆکەناسی- زمانناسی مرۆڤە (لانیکەم بە پێی بیردۆزی چامسکی کە هێشتا بە شێوەی ورد و شێلگیرانە ڕووبەڕووی ڕەخنە نەبووەتەوە) زمان، تا ڕادەیەک بە پێچەوانەی بیردۆزی زۆر نەریتی بارت کە زۆرتر (بە دەر لە ئەدەبیات) بە ئامرازی سەرکوتکەری بیرکردنەوەی دەزانێت تا ئازادی بیرکردنەوە، ئامرازێکی سەرسووڕهێنەر بووە کە دەرفەتی لە بەردەم دا کردۆتەوە تا تیهزرینی مرۆڤایەتی گەشەیەکی سەرسوڕهێنەر بە خۆیەوە ببینێت و هەرچەند لەوانەیە بە باوەڕی فۆکۆ زمانی مرۆیی لە خەیاڵ یان وەهمێک زیاتری نییە، بەڵام لە هەمانکاتدا وەهمێکە کە لە قاڵب و چوارچێوەی مرۆڤایەتی گروپێکی گەورە لە مانای لە خۆی دا هەڵگرتووە و هەر ئەمەش فەلسەفەی ژیانی مرۆڤایەتی پێکهێناوە کە لە سەر بنەمای ئەو دەکرێت لە ڕوویکردی دینۆزیسی و (چێژدۆزانە) یان ئاپیکۆری یان شادمەندانە لە بەرانبەر ویستەناوی مەرگ و نەبوون و دەرد لە ژیانی مرۆڤایەتی بەرگری بکرێت. ئەو بەها و بایەخانەی کە مرۆڤ خولقاندوویەتی لە چوارچێوەی مانای مرۆیی هەر بۆ ئەم گەڕان بۆ جوانی و ژیان (وەکوو هەرماوی لە بەرانبەر مەرگ) دەگەڕێتەوە و لە هەناوی ئەم بیرکردنەوانە فەلسەفە و بە جۆرێک پەرەسەندنی ئەو لە نەبوونی پەرەسەندنی سیستەمەکانی خوێندن و خوێندنەوە و نووسین و دەربڕین و ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان و هتد دروست بووە کە لەوانەیە بکرێت لە مانایەکی گشتی و هەڵبەت ئەرێنی ناوی ژۆرنالیزمی بۆ هەڵبژێرین. لە ڕابردوو زۆرێک لە حەکیم و فەیلەسووفان بۆچوونیان وا بوو کە فەلسەفە زمانی چینێکی تایبەتە و هەر بەم بۆنەیە دەبێت بە زمانی هێما و ئاماژە دەربېڕێت و باشتر وایە فەیلەسووفان بە جۆرێک قسە بکەن و بنووسن کە خەڵک توانای درک کردن و تێگەیشتنیان نەبێت. لە لایەکی ترەوە کەسانێک دەڵێن بنەوا و بنچینەی ژۆرنالیزم لە سەر گشتی کردنەوەی مەعریفە هەڵبەت لە پانتایی گشتی دایە. بە ڕای ئێوە ئەم دووانە چۆن دەتوانن پێکەوە لە شوێنێک کۆ ببنەوە؟

گومانێک لەوە دا نییە کە چ لە سیستەمگەلی کاستی هێندوئۆرووپایی و چ دواتر لە سیستەمەکانی پێش سوقراتی و لە یۆنانی سەردەمی زێڕین، سەرەتا جێگەی "نووسین" و "خوێندنەوە" لە گەڵ یەکتر تێکەڵ نەبووگن و لە حاڵێکدا فەیلەسووفان نووسیویانە و وتوویانە، ئەوانیتر و تەنانەت خوێندکارەکانیشیان دەبوایە بیانخوێندایە یان گوێیان راگرتبایە و زۆربەی ئەوانیتریش تەنانەت لەم بیستن و خوێندنەش بەشدار نەبووگن. ئەم بابەتە هەڵبەت لە چاخی نۆزدەهەم و داهێنانی زاراوەی "نەتەوە" کە دەبێ پێگەی هێزی سیاسی لە سەرەوە "ئاغاوات و کلێسا" بۆ خوارەوە "خەڵک" بگوازتایەوە، گۆڕانی بە سەردا هات. بەڵام بەر لەوە دەسەڵاتداران هۆگری ئەوە نەبوون کە خەڵکانی خوارو بتوانن دەستیان بە بیرکردنەوە و هزر و تێرامان بگات لە بنەڕەتیشەوە باوەڕیان بە جێبەجێ بوونی ئاوا ئەگەرێک نەبوو: فەیلەسووفانیش لە زۆربەی ئەو خاڵانەی لە سەری کۆک بوون لە خزمەتی ئەوان دا بوون و هەڵبەت چارەیەکیشان بە دەر لەوە نەبوو چونکوو بەس لە نموونەگەلێکی دەگمەن کە عارفان و شۆڕشگێڕان و هتدی لە خۆ دەگرت، تەنیا شیوازی ژیان بۆ ئەوان (هەروەکچۆن بۆ هونەرمەندان) گوێڕایەڵی و پێڕەوی کردن لە دەسەڵات بوو.

هەر بۆیە ئەمان دەتوانی بیر لەوە بکەینەوە کە فەیلەسووف یان هونەرمەند دەیانتوانی چەندان کارکردێکی جیاواز لە خزمەت گەیاندن بە یاسا و رێسای زاڵ هەبێت. بەڵام پەرەسەندنی هێزی وێرانکاری تێهزرین و بیرکردنەوە (و نەک تەنیا بنیچینەکەی ئەو) بۆ شۆڕشی فەرەنسە و دروست بوون و رەخسانی واقیعی بواری گشتی بۆ بیرکردنەوە دەگەڕێتەوە کە بۆ یەکەمین جار جێگرەوەی(ئاڵترناتیڤی) لە بەرانبەر تێهزرینی زاڵ گەڵاڵە دەکات: بیرۆکەی تێکرووخان و شۆڕشی شۆڕشگێڕانە وەکوو شێوازێک کە لە ئاستی تیۆری رەخنەگرانە، لە شێوازگەلی جۆراوجۆر لە مارکسیزم و لقەکانی تا جۆرە جیاوازەکانی ئانارشیزم و سەرئەنجام بیرۆکەگەلی رەخنەگرانەی پاش مۆدێرن، بیرداڕێژیان لە سەر دەکرێت و شێوازە برەودارەکانی خۆیان لە چاپەمەنی و میدیاکان دەبیننەوە.

دیدارێکم لە گەڵ یەکێک لە خاون نێرینەکان هەبوو، و سەبارەت بە فەلسەفە و حەز و هۆگری گشتی خەڵک پێی گفتوگۆمان دەکرد، بەڕێزیان جەختیان دەکردەوە وێنای خەڵک لە فەلسەفە نارێکە و ئەوەی خەڵک لە سەر فەلسەفە دەیزانن و چاوەڕوانیان لێی هەیە لە راستی دا فەلسەفە بە مانای دروستی وشە نییە و لە سەر ئەو رایە بوو کە رۆژنامە و رۆژنامەنووسان ئەم وێنا و بیرۆکە هەڵانە جێ دەخەن و تاوانبارانی سەرەکین چونکوو بە رێکخستنی لاپەڕەگەلی تێهزرین(بیرکردنەوە) لە رۆژنامەکان، فەلسەفە بە گێڕانەوەیەکی رواڵەتی و نارێک لە بەردەستی هەمووان دادەنێن. نێرینی ئێوە چییە؟

من وا بیر دەکەمەو، فەلسەفە واتا تێهزرینی رێسامەند و لە ژێر دەستی هیچ گرووپێکی کۆمەڵایەتی بە تایبەت فەیلەسووفان دا نییە، بە هەمان شێواز کە کۆمەڵناسی واتا ناسینی کۆمەڵگە و لە ژێردەستی کۆمەڵناسان نییە. بەڵام ئەمە راستییەکە کە لە بواری فەلسەفە و چ لە بواری کۆمەڵناسی یان مرۆڤناسی، بۆ رێسامەند تێهزرین و بە تایبەت راوبۆچوون دەربرین و ئەنجامگیریگەلی زانستی و لۆژیکی و جیاواز لە گەڵ ناسینی دەرونی پێویستیمان بە ئامراز و کەرەستەگەلێک هەیە کە بۆ بە دەست هێنانییان دەبێ هەوڵ بدەین و فێر بین. لەم رووەوە هەر کات ئێمە لە گەڵ جۆرێک رەشۆکانە کردنی تێهزرین، فەلسەفە یان کۆمەڵناسی روبەروو بین پێموایە خزمەتێکمان پێیان نەکردوە و خەسارمان پێ گەیاندوون. بەڵام بە پێچەوانەوە برەودان واتا بردنی ئەم روویکردانە بۆ ناو پسپۆڕان و زانایانی هزری و بە شێوەی گشتی بۆ ناو تەواوی خەڵک بە رای من بە هیچ

شێوەیەک کارێک بە مەبەستی دژایەتی لە گەڵ ئەواندا نییە. بەداخەوە ژۆرنالیزمی خراپ کە لە ئێران، وەکوو ئەورووپا زاڵە، هەمان ئەو ژۆرنالیزمەی کە بۆردیۆ لە کتێبەکەیدا "لەبارەی تلڤزیۆن" هێرشی پێ دەکات، لە زۆربەی کاتەکاندا دابەزاندنی هزری و گۆڕانی تێهزرین و بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی بە شێوازگەلی ناشیرین و گشتپەسەند لە بەرنامەی کاری خۆیدا دایناوە. ئەوەی کە ئاوا کارێک لە لاپەڕەکانی "تێهزرین"ی ڕۆژنامەکان ئەنجام بدرێت، پێموا نییە چونکوو زۆربەی ئەم لاپەڕانە زۆرتر باس لە جۆرێک ئسنۆبیزم و مۆدپەرەستی ڕۆشنبیرانە و هەڵبەت پووچ و بەتاڵ دەکەن تاکوو هەوڵ بۆ پەردان و تێگەیاندنی. هەڵبەت لەوانەیە بکرێت ئەمەش لە چوارچێوەی ئەنجامەکانی بە جۆرێک لە خەسار و زەربە دان لە تێهزرین و فەلسەفە ناو ببەن. بەڵام خەسار و زەربەی سەرەکی کاتێک دەدرێت کە ئێمە لە درگای خەڵکفریوی و پۆپۆلیزم کار بکەین و ئەوەی من وتم واتا ئازاد بوون و لە ژێردەستی کەس نەبوونی بیرکردنەوە و تێهزرینی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی بەو مانایە وەربگرین کە ئیدی هەر کەسێک دەتوانێت لە بارەی هەر شتێک و لە هەر شوێنێک راوبۆچوون و نێرینی خۆی باس بکات. بە هیچ کلۆجێک ئەمە مەبەستی من نییە و ڕێک ناشیرین کردن و بەدناو کردنی تێهزرینە. کەسەکان دەبێ لە بیرکردنەوە و لە هۆگرییان بۆ ئەم یان ئەو هزر ئازاد بن، بەڵام ئەرکی سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە شێوازەکانی ڕێسامەندی بیرکردنەوە و درکی سازوکارگەلی کۆمەڵایەتی و سیستەمگەلی دیکەی کۆمەڵایەتی خەڵک فێری ئەوە بکەن و ئەوان لەم بوارە بە توانا بکەن هەرچەند پێویستی ئاوا کارێک بوونی سیستەمێکی دێمۆکراتیکی بە دامەزراوە کراوە و جێکەوتووە و بارودۆخی کراوە و ئوستورە سڕدراو لە داب و نەریتەکانی بیرکردنەوە و زمانی بەستراو و سەرەڕۆیە کە تاکوو جێبەجێ نەکرێن و جێ نەکەون ئەگەری پەرەسەندنی بە دوور لە ناشیرینی لە نێو ناچێت و بەردەوام ئەم مەترسییە بوونی هەیە. بەم پێیەش، بە رای من نابێت دەست لە برەودان و پەرەدان هەڵبگرین و ئەمە تەنیا ڕێگایەکە کە دەتوانێت بۆ جاروبار یان بۆ درێژخایەن بە بارودۆخێکی شیاوی بەرگری کردن بگەیەنێت.

سرنجڕاکێشە کە ئەم بیرمەندە جەختی دەکردەوە کە لاپەڕەکانی تێهزرین لە ڕۆژنامەکان زۆر سەرسووڕهێن و بێ شوناسە: چونکوو نووسەر پێیوایە لە هزار وشە، فەلسەفەی هێگل تاوتوێ دەکات و خوینەرێش بە خوێندنەوەی ئەو دەقە پێیوایە کە هێگلی ناسیوە و خراپتر کەسێ سێیەمە کە هەر دەق ناخوێنێتەوە و تەنیا گێڕانەوەی ناتەواوی کەسی سێیەم گوێ دەگرێت. لە ئەنجام دا ئەم کەسانە، کە کەمیش نین، فەلسەفە بە شێوەی زارەکی و سەرپێیی، ئەویش بە شێوازی نارێک فێر دەبن و ئەمەش خەسارێکە کە ڕۆژنامەکان هۆکاری ئەمەن. ئێوەش لە گەڵ ئەم گێڕانەوەی هاوڕان؟ باشە ئەم گرفتە تەنیا داوێنی ئێمەی گرتۆتەوە؟ ئەگەر وا نییە بارودۆخی وڵاتانی تر چۆنە؟

ئەوەی هاوڕێی بیرمەندمان لەم بارەیەوە وتوویەتی ئەوەندش دوور لە راستی نییە. بەڵام من ئەمە بە ئەنجامی کاری لاپەڕەکانی تێهزرین نازانم بەڵکو بە پێچەوانەوە لاپەڕەکانی تێهزرین بە ئەنجامی نەبوونی بیرکردنەوەی قووڵ و دەرونی نەبوونەوەی تێهزرین و ئاوەز لە کۆمەڵگە دەزانم. بە داخەوە لەم لاپەڕانە و لە ڕۆژنامەگەلی بە ناو ڕۆشنبیرانەی ئێمە کەسانێکی زۆر (زۆرتر گەنج) بوونیان هەیە کە بە قارەمانسازی لەم و لەو یان بە پێچەوانەوە بە هێرش کردنە سەر ئەم و ئەو دەیانەوێت خۆیان بناسێنن، بەداخەوە ئێمە دەبینین کە گەنجێک لە باتی ئەوەی چەندین و چەند ساڵ لە تەمەنی خۆی خەریکی فێربوونی شێوازمەندی بوارێک و بەکار هێنانی ئاوەزمەندانەی بکات، سەرەتا وەرگێڕانێکی دەست و لاق شکاو لە کاری ئەم یان ئەو بیرمەندی مۆدی ڕۆژ ئامادە دەکات و دوایی لە بۆشایی و نەبوونی وانە و خوێندنەوەی پاراکادمیک ئەبێت بە "پسپۆڕ"، ئەو کەسەی کە

کارەکانی بە هەڵە و زۆرجار لە زمانی دووەمەوە بۆ سەر زمانی فارسی وەریان دەگێڕێت و ئەگەر بتوانێت باش درێژە بەم یارییە بدات، لە دوای چەند ساڵ بۆ خۆی خاوەن "بیرۆکە"یە و "بیرمەندی گەورە"یە کە شوێنکەوتووان و لایەنگرانێکیش دەدۆزێتەوە کە هەرکەس بوێرێت بەرانبەر بە بارەگای "ماموستا" بێڕێزییەک بکات، ئەو لاوانە هێرشی دەکەنە سەر. ئەم بارودۆخە کاریکاتۆرییە ئەوەندە لە ئێران دووپات بووەتەوە و نموونەی هەیە کە پێویست بە هێنانەوەی ناو نییە و هەمووان، تەواوی نموونەکان دەناسن. هەر ڕۆژ بینەری سەرهەڵدانی گەورەکەسانی بواری زانست و بیرکردنەوە و فەلسەفەین کە هەرچەند خەڵکانی ئەم دەڤەرە بە نەبوونی تێهزرین و توانایی بیرکردنەوە دەزانن، بە ئێرەوە چەسپیون و ئامادە نین بەرە و جیهانی گەورەی بیرکردنەوە بڕۆن و لە ئەوان لە بیردۆزییەکانی خۆیان بەهرەمەند بکەن.
ئەم تیتاڵە خاڵگەلێکی فرەی لە خۆیدا هەڵگرتووە کە بە کەمێک زانیاری لە بارودۆخی وڵاتانی ئەوروپایی و ئەمریکا دەکرێت بۆت ڕوون و ئاشکرا بێتەوە. لەم وڵاتانە نە تەنیا برەوپێدان کارێک نییە کە بیرمەندان ترسێکیان لێی هەبێت بەڵکو بە گشتی بیرمەندان و هۆزانڤانان لە ڕووی زانستییەوە ڕێک هەر ئەو کەسانەن کە لە بواری گشتیش ناسراو و ناودارن و بۆ خەڵکانی ئاسایی و پسپۆڕانی دیکەش مژار و کارەکانی خۆی بە زمانێکی پۆڕاو شرۆڤە و شی دەکاتەوە و هەڵبەت باسێک لەو هەموو ئێسنۆئیزم و خۆزل بینی و مۆدپەرستییەی کە لانیکەم بۆ نیو سەدە پێش ئێستا دەگەڕێتەوە لە گۆڕێ دا نییە. لەم وڵاتانە ڕۆژنامەکان، بلاڤۆکەکان، و میدیاکانی دیکەش زۆرجار لە پەنا کارگەلی زانستی و پسپۆڕانە کە بۆ چالاکانی تایبەتی ئەو بوارە لە ئاستێکی سنوردار بڵاو دەکرێتەوە، کەرەستە و ئامرازگەلێکیان دابین کردوە کە ئەم کارانە بە بەربڵاوی بۆ تەواوی خەڵکی کۆمەڵگە لە بەردەست دا بێت و بتوانن کەڵکی لێ وەربگرن. هەڵبەت ئەم کارە پێش هەر شتێک بە ئوستورە سڕینەوە و لە نێوبردنی شێوازەکانی ئێسنۆبیزم و پیر و دەروێشی کە لە وڵاتی ئێمە وەها حەز و خولیایەکی زۆر بۆی لە ئارا دایە دەستی پێکردوە.

یەکێک لە مامۆستایانی فەلسەفە تەواو هەڵوێستێکی جیاوازتری هەبوو و باوەڕی بە گشتی کردنەوەی فەلسەفە بوو و دەیوت دەبێ فەلسەفە لەو کۆشکە بەرزەوە بێنینە خوارێ و بیخەینە بەردەستی هەمووانەوە تا ئاشکرا بێت کە فەلسەفە بە هیچ شێوەیەک تایبەت بە چینێکی دیاری کراو نییە. ئێوە لەم بارەیەوە چۆن بیر دەکەنەوە؟ بە بۆچوونی ئێوە ئاوا کارێک ئەنجام دەگرێت و چ خەسار و زیانگەلێک بە دوی خۆیدا دێنێت؟

سەرەتا دەبێت بیسەلمێنین کە فەلسەفە لەو کۆشکە بەرزە دایە کە من پێم وانییە، نووسینگەلی سەرەکی فەلسەفی وەکوو بەرهەمەکانی ئەرەستو و ئەفلاتوون بە زمانێک نووسراون کە خوێندنەوەیان بێ کێشە و گرفتە و تەنانەت نووسراوەگەلی تازەی فەلسەفیش بە پێی پێویست بە ناونیشانی نەخوێندنەوە و گونجاو نەبوون بۆ هەمووان دیاری نەکراوە. بەڵام بابەتێکی ڕوون بوونی هەیە و ئەویش ئەوەیە کە لە کۆمەڵگەی مۆدێرن ژمارەی پسپۆڕێتییەکان و زانستەکان زۆر زۆر فراوانە و هیچ کەس ناتوانێت چاوەڕوانی ئەوە بێت کە بۆ نموونە ئەندازیارێک یان پزیشکێک، تەواوی کتێبەکانی هێگل بخوێنێتەوە تا تێبگات هێگل چی وتووە و ئەم وتە و ئاخافتنانە لە ڕەوتی زەمەن چ بیرۆکە و بیرکردنەوەیەکی بە دووی خۆیدا هێناوە. لێرە دایە کە لە بایەخی پەرەپێدان تێ دەگەین و پەرەپێدان بە پێچەوانەی وێنا و بیرکردنەوەی باو، تەنیا بۆ کەسانی ڕەشۆک ئەنجام نادرێت بەڵکو بۆ پسپۆڕان و بیرتیژانی هزری لە دەرەوەی بواری تایبەت بە خۆیان ئەنجام دەدرێت و ئەمە کارێکی زۆر گرنگ و زۆر پێویستە.

به رای من تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگە دەبێ کەلتورێکی گشتی روو لە سەرێیان هەبێت بەڵام ئاساییە کە هەمووان ناتوانن ئاوا دەرفەتێکیان هەبێت کە تەواوی نووسراوە پسپۆڕانەکان لە هەموو بوارەکان بخوێننەوە و لێرە دایە کە پەرەپێدان دەبێ ئەم درز و کەلێنە پڕ بکاتەوە و لە راستی دا کەسانێک دەتوانن باشترین نوسراوە فەلسەفییەکان بنووسن کە ناودارترین و گرنگترین روخسار و سیما ناسراوەکانی ئەو بوارەن و لە دەستە و کۆمەڵەی گەورەی ناودار و مێژووی فەرەنسە واتا کۆمەڵەی فەرهەنگۆکی "چی ئەزانم؟" کە زیاتر لە نیو سەدەیە کە بڵاو دەکرێتەوە، نووسینی کتێبێک شانازییەکی گەورەیە کە لە زۆربەی بوارەکان تەنیا بەر کەسانێک دەکەوێت کە لە بوارێکدا خاوەنی باشترین دەسەڵاتی زانستین بەڵام مەرجی نووسین لەم کۆمەڵەیە ئەوەیە کە ئەو کەسە بابەت و مژارەکەی هەرچەندەش ئالۆز بێت بە زمانێک کە لە بەردەست و لە نزیکی 120 لاپەڕە شیکاری و شرۆڤەی بکات. بە رای من دەکرێت ئێمە لە ئەزموونی کەسانی دیکە بەردەوام فێر بین و دەبێ بەهرەی لێ وەربگرین. بۆ نموونە ئیدی ژۆرنالیزم بە زانستێک دەوترێت کە لە دە بۆ بیست ساڵی پێشوو بە تایبەت لە ئەوروپا بەڵام پێش لەویش لە ئەمریکا بوونی هەیە کە ئەوڕۆکە بە بڵاوکردنەوەی گۆڤارگەلی پسپۆڕانە بۆ نموونە لە بواری زانستە مرۆییەکان و دەروونناسی و فەلسەفە و ... گەیشتووە، ئەو گۆڤارانەی کە ژمارەیەکی زۆریان لێ بڵاو دەبێتەوە و زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگەش دەیکرن و کەڵکی لێ وەردەگرن کۆمەڵە کتێبگەلێکیش لەم بوارە چاپ و بڵاو بوونەتەوە، وەکوو نموونە کۆکراوەی کتێبگەلی ناسراو بە "... بۆ گەمژەکان!" (... for dummies ! / ... pour les nuls ! ) کە بەردەوام لە بەشی یەکەمی خۆی ناوی لقێکی زانستی یان بابەتێکی ئالۆز و پێچەڵاوپڵووچیان هەیە بۆ نموونە "کۆمەڵناسی بۆ گەمژەکان! یان ئەدەبیاتی رۆژئاوا بۆ گەمژەکان!) و نووسەرانی ئەو کتیبانەش کەسانێکی بەتوانا و مامۆستای زانستگاکانن. ئەم نموونانە ئەوەندە زۆر و ئەم باسانە ئەوەندە لە رۆژئاوا ئەنجام دراوە کە ئیدی دەبێ کەسێکی بێ مێشک(مێشک وشک) بدۆزیتەوە کە بایەخ و گرنگی پەرەپێدان نەزانێت. دروست کردنی زانستگاگەلی گشتی ( Université populaire) بۆ نموونە لە فەرەنسە لە رێگەی فەیلەسووفێکی گەنج و ناوداری وەک میشل ئۆنفرە ( Michel Onfray) کە لە شوێنکەوتووان و لایەنگرانی سەرسەختی تیۆری بۆردیۆ و کامۆیە هەروەها لە لایەنی ئەزموونییەوە شیاوی سرنج و بایەخ پێدانە. زانستگای ئانفرە کە لە شاری کان (لە باکوری فەرەنسە) هەڵکەوتووە. ئەوڕۆکە یەکێک لە ناسراوترین زانستگاکانی فەرەنسەیە کە مۆدێلەکەی لە کۆلێژدۆفرانس وەرگرتووە و هاوکات لە گەڵ پێشکەشکردنی باشترین و سەرترین چۆنایەتی لە زانستی زانیاری لە هیچ کام لە یاساکانی زانستگا وەکوو هەل و مەرجی وەرگرتن، تاقیکردنەوە و بەشداری و نەبوون و چاودێری بەردەوام کەڵک وەر ناگرێت. زانستگاگەلێکی لەو جۆرەش لە و بوارە لە فەرەنسە و وڵاتانی دیکە دروست کراوە. خودی میشل ئۆنفرە لەو کەسانەیە کە زۆرترین هەوڵ و تەقەلای بۆ گشتی کردنەوەی فەلسەفە و چەمکگەلی فەلسەفی داوە و هەڵگرتووە و هەڵبەت دوژمنایەتیگەلێکیشی بۆ خۆی دروست کردوە بەڵام نە شێوازی گاڵتەجاڕانە و جیهان سێیەمی وڵاتانێکی وەک ئێمە کە هەموو شتێک بە تایبەت زانست و فەلسەفە کەرەستە و ئامرازگەلێک بۆ خۆنواندن و خۆزلزانینی دواکەوتووانەی تازەپێگەیشتووانی ئابوری و کەلتووری بە کەسانی دیکەیە.

لە پاش ئەم پێشەکییە ئەتوانین باس لە سەر رەخنە بکەین، بەڵام بەر لەمە دەمەوێت بزانم کە بە رای ئێوە گۆڤارگەلی پسپۆڕانەی فەلسەفە، کۆمەڵناسی، زانستە سیاسییەکان و هونەر چییە؟ ئەم گۆڤارانە کە لە مەودای نێوان کتێب و رۆژنامە دان چ رۆڵ و دەورێکیان لە بەرزکردنەوە و پێگەیاندنی بوارێکی زانستی دیاریکراو هەیە؟

ئەگەر مەبەستان لە گۆڤارگەلی پسپۆڕانە گۆڤارگەلی زانستی – لێکۆڵینەوەیی یە باشتر وایە لەم بابەتەوە بێدەنگ بم و ئێوە بۆ ئەو باسە زۆر رەخنەکارانانەی کە لەم بوارەدا ئێستاکە لە ئاستی ئێران لە برەو دایە و دەری دەخات کە زۆرەبەی ئەم گۆڤارانە بە داخەوە ئامرازەکانی بەرزکردنەوەن و نەک شوێنی پێشکەش کردنی زانیاری و زانست بن. هەم لەم رووەوە بە رای من، گۆڤارگەلێکی وەک گۆڤارەکەی ئێوە خۆتان ئەگەر بتوانن خۆیان لە گەڵ زانستی رۆژ هاواهەنگ بکەن واتا بە شێوەی دیجیتاڵی بڵاو بکرێنەوە گرنگییەکی زۆر فراوانتریان لەو جۆرە گۆڤارانە هەیە کە سەر بە چاخی نوزدە و بیستەمن و هەرچەند ئەورۆکە هێشتا لە رۆژئاوا بڵاو دەکرێنەوە بەڵام نەک بە ئاوا ناوەرۆکێکی سووک و وەها شێوازێک لە دانوستانگەلی زانستی کە رێک مایەی شەرم و سەرشۆڕییە.

پێناسەی جۆراوجۆر لە "رەخنە" کراوە و زۆرجار کەسەکان لە سەر ئەم بابەتە ناکۆکن. ئێوە رەخنە چۆن پێناسە دەکەن و بە بۆچوونی ئێوە رەخنەگر کێیە و چ تایبەتمەندیگەلێکی هەیە؟

رەخنەگر بە بۆچوونی من کەسێکە کە بتوانێت لە سەر بابەتێک کە زانیاری تەواوی لە بارەیەوە هەیە لە چوارچێوەیەک کە بە راستی رەخنە تێیدا مانا و بایەخی خۆی هەیە گەلاڵە بکات. بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە رەخنە قەت نەیتوانیوە جێ بکەوێت. زۆربەی کەسانێک کە رەخنە دەنووسن یان بۆ ئەوەیە کە کەسێک خراپ بکەن یان بۆ ئەوەی دەستخۆشانەی لێ بکەن. شێوازی رەخنەنووسی ئەوەیە کە بە گشتی چەند هەڵەی چاپی و هتد لێرە و لەوێی کتێبێکی چەندسەد لاپەڕەیی بدۆزنەوە و بە زەق کردنەوەی ئەوانە نووسەرەکەی بکوتنەوە خۆیان بە "خاوەن بۆچوون" نیشان بدەن. جارێک لە بارەی یەکێک لە کتێبەکانی خۆمەوە، رەخنەگری بەڕێز کە بەڕێکەوت خۆم بۆ کۆبوونەوەی رەخنە داوەتم کردبوو بە شێوەیەک کەوتبووە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی خۆیەوە کە وتی من لە بارەی کتێبەکەی ئێوە سەد لاپەڕە شتم نووسیوە کە منیش پێشنیارم پێ کرد لە باتی ئەو وەختەی کە خۆی بە کتێبێکی نە ئەوەندش بایەخدار سەرقاڵ کردوە باشتر بوو کتێبێکی بایەخداری بنووسی بایە. بەڵام ئەو بە چەشنێک لە دۆزینەوەی هەڵەگەلێکی لێرە و لەوێی کتێبەکە لە تایپەکەی دا تووشی خۆشحاڵی و زەوق هاتبوو کە لەبیری چووبووەوە بڵێت کە من خۆم لە پێشەکی کتێبە، وەکوو هەموو کتێبەکانی دیکەم، ئاگادارم کردونەتەوە کە ئاوا هەڵەگەلێک کە بە داخەوە بە هۆی تازەکار بوونی چاپەمەنییەکانی ئەم وڵاتە وەکوو کارەکانی دیکە روو دەدات، بۆ نووسەر بنێرن. رەخنەگر لە بیری دەچێتەوە کە دەبێ بپەرژێتە سەری بابەتەکانی خودی کتێبەکە و باس لە سەر تێزەکەی بکات و دڵی بەوە خۆش بوو کە بە هێرش کردنە سەر ئەم کتێبە لێرە و لەوێ ناوی دەچێتە ناو ناوانەوە، کە هەڵبەت زۆریش ناسرا و ناوی دەرکرد، بەڵام ئەم کارە، سیستەمێکی هزری زیان و خەسارگەلێک دەگەیەنێت کە لە دوا ئەنجام زیانەکە بە خودی ئەو کەسە دەگەیەت نە من.

پێوەندی رۆشنبیر و ژۆرنالیزم چۆنە؟ کۆمەڵە کەسانێک پێیان وایە رۆشنبیران ژۆرنالیست و ژۆرنالیستەکانیش رۆشنبیرین.

بە بۆچوونی من رۆشنبیری واتا کەسێک کە کاری سەرەکی بیرکردنەوە و پێشکەش کردنی رێچارەیە و یان بە هەر حاڵ لەم کارە زۆر نزیکە، یان کەسێک کە بە هەر هۆکارێک ئەم توانایی و توانستەی تێدایە کە رەخنە لە سازوکارگەلی کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی و کەلتووری بگرێت، و گرفتەکانیان پیشان بدات ئەگەرچی رێچارەیەکیش پێشکەش نەکات بەڵام بە هەرحاڵ زەمینە بۆ بیرکردنەوە و تێهزرین بئافرێنێت، لە چاپەمەنییەکان و ژۆرنالیزم یەکێک لە ئامرازەکانی کاری خۆی دەدۆزێتەوە کە دەبێ لە کاتی خۆیدا کەڵکی لێ وەر بگرێت.

مانای ئەم قسەیە ئەوە نییە کە تەنیا لە رۆژنامە بنووسێت بەڵام ئەوەی کە بە هەر بیانوویەک بیەوێت لە و مەیدانە دوور بێتەوە زۆرتر خۆپاریزی و لە ئەنجام دا دواکەوتووی هزری و بیرکردنەوەی بەردەکەوێت و تەنانەت رێزی لایەنگرانی زانستیشی بەر ناکەوێت. بەشداری لە گۆڕەپانی گشتی واتا خستنە بەر دادوەری گشتی بیرۆکەکانی خۆت و بوێری لە واژۆ کردنی بیردۆزییەکانی خوت لەم رووەوە رۆشنبیران بە بۆچوونی من لە باشترین بارودۆخ بۆ رەخنە دان و دەبێ ئەم کارە لە هەر کوێیەک کە دەتوانن ئەنجامی بدەن پێموایە ئەرکی سەرەکی رۆشنبیر رەخنەیە و نەک ئەوەی کە مژار و بابەگەلێک کە لە جێی خۆیاندان شیکاری بکەن.

بگەڕێینەوە بۆ بابەتی رەخنە و رەخنەکاری. بە پێی ئەو پێناسەیەی کە ئێوە لە رەخنە پێشکەشتان کرد دەمەوێت بزانم رێگە و جۆرەکانی رەخنە چییە و رەخنەکاری هەڵگری چ رێسا و نەریتێکە؟ دەزانم کە پرسیارێکی ئاڵۆزە بە هۆی ئەوەی ئەگەر تەنانەت رێگە و جۆرەکانی رەخنەش پێیناسە بکەین دەتوانین بپرسین دەی بۆچی یاسا و رێساکانی رەخنە لە زۆربەی بوارەکان لە بەرچاو ناگیردرێت؟ و هەمتر بپرسین چۆن دەبێ سنووری نێوان بۆچوون و کردار لە بواری رەخنە هەڵبگیرێت؟

یاسا و رێسای رەخنە یانی ناسینی دروستی بابەت، ئەو بارودۆخەی کە رەخنە تێیدا ئەنجام دەگرێت، وردبوونەوە لە کاردانەوەکانی رەخنە، هەبوونی زانیارییەکی بەربڵا سەبارەت بە و نووسەرەی کە رەخنەی لێ دەگرن و بە بۆچوونی من تەنانەت بایەخدار بوونی کاری یەک کەسیش. رەخنە گرتن لەو شتانەی کە بە بێ بایەخیان دەزانین بە بۆچوونی من کارێکی دروست نییە، چونکوو بە جۆرێک بایەخ و باوەڕی بە و شتانە دەبەخشێت. بێ لایەنی کە زۆر جەختی لە سەر دەکرێتەوە، ئەگەری جێبەجێ بوونی بە شێوەی رەها نییە، بەڵام ئاوەزمەندی لە رەخنەکاری با. کەسێک کە لە باتی پەرژانە سەر بیرۆکەگەلی سەرەکی کتێبێک بە دوای چەند هەڵەی تایپی و ویراشتنی دەڕوات لە راستی دا هەم گاڵتە بە خۆی دەکات هەم بە خوێنەر.

جیاوازی رەخنە و خەسارناسی چییە؟

خەسارناسی، چ لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و چ لە زانستە سروشتییەکان لقێکی زانستییە کە بە شێوازناسی بیردۆزی و پێکهاتەگەلێکی تایبەتی دەبێ ئەنجام بدرێت بە دەربرینێکی تر زانستێکی تەواوە. لە حاڵێک دا رەخنە شێوازێک لە ناو شێوازەکانی تر دایە مەگەر ئەوەی کە ئاستی ئەو زۆر بەرز بێتەوە و بۆ خۆی بە جۆرە رەواییەکی زانستی و کۆمەڵایەتی بگات وەکوو ئەوەی کە ئێمە لە چەمکی "رەخنەی ئەدەبی"، واتا کارگەلێکی وەکوو کارەکانی بارت یان کریستوا، دەبینین.

وەکوو نموونە ئاوڕێک لە گۆڤاری زانیاری حکمەت و مەعریفە دەدەینەوە. من وەکوو یەکێک لە ئەندامانی ئەم گۆڤارە داواتان لێ دەکەم رەخنە لە گۆڤارەکەی ئێمە بگرن و جێگە و دەوری لە بواری خۆی بۆ ئێمە بنەخشێنن و باس بکەن.

بۆ رەخنەگرتنی دروست لە گۆڤارێک پێویستیمان بە زانیارییەکی زۆر هەیە کە من ئەو زانیارییانەم نییە. بۆ نموونە چەند ژمارەی لێ بڵاو بووەتەوە، شێوازی بڵاوبونەوە، کاردانەوەی وتارەکان، پێکهاتەی نووسەرانی بەردەوام و نووسەرانی کاتی، کۆمەڵێکی تەواو لە قۆناغەکانی گۆڤارەکە و هتد. هەر بۆیە بڕیاردان بە چەند ژمارە بە کارێکی دروست نازانم مەگەر ئەوەی کە وەکوو جۆرێک بۆچوونی تێپەڕ و یەکەمین روویکرد هەژمار بکرێت. بەم مەرجە دەتوانم بڵێم ئەو پێداچوونەوەی کە بەسەر چەند ژمارەیەکی ئەم دواییە کردم بە گۆڤارێکی

زۆر بەکەڵک و لە ئاستێک لە نێوان گۆڤارێکی پەرەسەندویی و پسپۆڕانە بینیم کە تەنیا کێشەی، نەبوونی شێوازی بڵاوکردنەوەی ئانلاین و لە رێگەی رایەڵەوە دەزانم کە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە وتارەکان لە نێو بچن. هەڵبەت لەوانەیە ئەم رەخنە رێژەییە بە هۆی نەبوونی زانیارییەکانیش بکرێت زیاد بکەین کە لۆژیکی زاڵ لە هەڵبژاردنی بابەتەکان و ئەو کەسانەی کە لە بارەیانەوە دەنووسن یان گفتوگۆیان لە گەڵ دەکرێت بۆ من روون نییە.

ئەم گفتوگۆیە لە چوارچێوەی هاوکاری فەرمی نێوان مرۆڤناسی و کەلتوور و گۆڤاری "زانیارییەکانی حیکمەت و مەعریفە" بڵاو دەکرێتەوە و لە ژمارەی 100ی ئەم گۆڤارە لە مرداد مانگی 1393 چاپ و بڵاو کراوەتەوە.